# راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە دەرکردنی حوکمی زیندان و شەلاق بۆ هەڵسووراوانی بزوتنەوەی کرێکاری لە کوردستان

روژی یەکشەممە 14ی گەلاوێژ شوعبەی 104ی دادگای گشتی شاری سنە، بۆ 11 کەس لە کرێکارانی دەستگیر کراو لە ڕێ و رەسمی رۆژی جیهانی کریکار لە شاری "سنە" حوکمی دەرکرد.

بە پێی حوکمەکان، فارس گەویلیان، ئێقبالی لەتیفی، سەدیقی سوبحانی، خالیدی سەرداری، تەیبی مەلایی، تەیبی چەتانی، یەدوڵلای موورادی، سەدیقی ئەمجەدی، مەحیەدینی رەجەبی، حەبیبوڵلای کەڵەکانی و عەباسی ئەندەریاری، هەر کامەیان بە 91 رۆژ زیندان و 10 زەربە شلاق مەحکوم کراون.

ئەو کومەلە لە هەلسوراوانی کرێکاری کە بە تێکدانی نەزمی گشتی و بەشداری لە کۆبوونەوەی نایاسایی تۆمەتبار کراون، 20 رۆژ موڵەتیان پێ دراوە تا نارەزایەتی خۆیان سەبارەت بەم حوکمانە دەر ببڕن.

رژیمی ئیسلامی لە هەل و مەرجێکدا زەبوونانە ئەم حوکمانەی دەرکردوە کە چینی کرێکاری ئیران و خەلکی ئازادیخوازی کوردستان باش دەزانن تاوانی ئەم 11 کەسە شتێک نیە جگە لەوەیکە بەورەی پولایین و بویرییەوە لە رێزی پێشەوەی هاوچینەکانیان، بۆ بەرێوەبردنی رێ و رەسمی یەکی مەی رۆژی جیهانی هاوپشتی چینی کرێکار و دیفاع لە مافەسەرەتاییەکانی کرێکاران، هەنگاویان هەلگرت.

ئەو 11 هەلسوراوی بزوتنەوەی کرێکارییان لە هەل و مەرجێکدا دەستگیر کرد، کە 10 رۆژ پێشتر "مەحمودی سالحی یان بە تۆمەتی هەولدان بۆ بەرێوەبردنی رێ و رەسمی یەکی مەی سالی 83 دەستگیر و رەوانەی زیندانیان کرد.

رژیمی ئیسلامی لە درێژەی شەپولی نویی سەرکوت و ئیعدامی بە کۆمەل، بە ئەشکەنجەدانی نامرۆڤانەی هەلسوراوانی بزوتنەوی خویندکاری و ناردنی هەوالی ئەم کردەوانە بۆ دەرەوەی زیندان و بە دەرکردنی حوکمی ئیعدام بۆ "هێوا بوتیمار" و "عەدنانی حەسەن پور" رۆژنامەنووس و هەلسوراوی سیاسی و دەرکردنی حوکمی نارەوا لە دژی هەلسوراوانی بزوتنەوەی کرێکاری، دەیهەوێت کەش و هەوای ترس و خۆف بە سەر کۆمەلگادا زال بکات و هەلسوراوانی بزوتنەوەی کرێکاری چاو ترسێن بکات,

رژیمی ئیسلامی لە هەل و مەرجێکدا کە لە ژێر گوشاری نێونەوەیی دایە و لە

گەشـەکردنی بزوتنـەوەی کرێـکاری و بزوتنـەوە کۆمەلایەتیـەکانی دیکـە نیگەرانـە، دەیهەویت بە توندتر کردنی گوشار و کەش و هەوای سەرکوت لە گەل ئەم بارودۆخە بەرانبەرکێ بکات، رژیمی ئیسلامی بەدەرکردنی ئەم حوکمە دژی بەشەرییانە لە دژی هەلسوراوانی کرێکاری، لە هەل و مەرجێکدا کە ئێستا کەمپەنیکێ جیهانی بو ئازادی بێ مـەرج ودەست بـە جیێ "مـەحمودی سالحی" و "مەنسوری ئوسانلو" لـە رێبەرانی بزوتنەوەی کرێکاری ئێران لە ئارادایە، دەیهەوێت وا نێشان بدات کە خەبات بۆ ئازادی هەلسـوراوانی کرێـکاری بەرهەمێـکی جگـە لـە توندترکردنی گوشـار بـۆ سـەر هەلسوراوانی ئەو بزوتنەوەیە نیە.

بەلام ئەزمونی نزیک بە 3 دەیە دەسەلاتداری کۆماری ئیسلامی بە هـەمووانی نیشان داوە کە تەنیا و تەنیا بە پەرەدان و توندکردنی خەبات لە دژی ئەو وەحشی گەریانەیە کە دەتوانرێ پاشەکشە بەو رژیمە دژی ئینسانیە بکرێت.

پێویستە داواکاری هەلوەشاندنەوەی بێ مـەرجی حوکمـەکان لـە دژی 11 کـەس لـە هەلسوراوانی بزوتنەوەی کرێکاری، بـە داخوازیـەکانی کەمپەینی ئازادی "مـەحمودی سالحی" و "مەنسوری ئوسانلو" زیاد بکرێت.

دەبـێ رۆژی 18ی گەلاویـژ رۆژی نارەزایـەتی نێـونەتەوەیی بـۆ ئـازادی بـێ مـەرجی مـەحمودی سـالحی و مەنسـوری ئوسـانلوو، بکرێـتە رۆژی نارەزایـەتی و هاوپشـتی چـینایەتی بـۆ ئـازادی هـەموو هەلسـوراوانی کرێـکاری و هـەموو ئینسـانە ئازادیخوازەکان.

کومیتەی ناوەندی کۆمەلە
15 ی گەلاوێژی 1386
6ی ئوتی 2007